# رۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان و وولآتانی جیهانی لە بەرەو پێشبردنی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی لەکاتی ململآنێیە چەکداریەکان

هژار عثمان رحمان[١] میران حسین حسن[٢]

[١] قسم الادارة القانونية، معهد التقني كوية ، جامعة پۆليتكنيك أربيل، كردستان، العراق
[٢] كلية التربية و العلوم الانسانية- سيد صادق ، جامعة السليمانية ، كردستان، العراق

**پوختە**

لەپاش دامەزراندنی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەکو رێکخراوێکی نێودەوڵەتی و زیادبوونی ئەرکەکانی و بوارەکانی کارکردنی ئەو رێکخراوە , یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی دروست بوو وەکو پێویستیەکی هەنووکەیی لەسەر ئاستی جیهاندا بەلام چەندین ئاستەنگ روو بەرووی جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە بۆتەوە و نەیتوانیوە بە پێی پێویست سەرکەوتوو بێت سەرەڕای دەرکردنی چەندین بریار و راسپاردە هەوەرها چەندین دادگایان دامەزراند بۆ دادگای کردنی تاوانبارانی جەنگی دژ بە مرۆڤایەتی , لەم توێژینەوەدا ئاماژەمان بەوە کردوە کە پێویستە لەسەر سەرجەم وولاتان بەتایبەتی وولاتە زلهێزەکان پەرە بەو رێکخراوە بدەن بەتایبەتی لە بواری یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی بۆ ئەمەش سەرتا هەر وولآتێک لەخۆیەوە دەست پێبکات و بایەخی گرنگ بەو یاسایە بدات , وە هەولەکان بۆ دامەزراندنی دادگایەکی تایبەتی نێودەوڵەتی بۆ دادگای کردنی ئەندامانی رێکخراوی داعش لە سەر ئەو تاوانانەی کە ئەنجامیانداوە دژ بە مرۆڤایەتی و یاسا نێودەوڵەتیەکان.

کلیلەکانی وشە: نەتەوە یەکگرتووەکان، وولآتانی جیهان، یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی، ململآنێیە چەکداریەکان

## 1. پێشەکی

لەگەڵ ئەوەی هەموو بەڵگەنامەکانی سەر بە دەوڵەتان نەفرەتیان لە شەر کردووە بەڵام شەر بە هۆیەک دادەنرێت کە هەندێک دەوڵەت هانای بۆ دەبەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەگەڵ دوژمنەکانیان .

هەرشەکردن بە بەکارهێنانی هێز ڕەوا نیە لە دژی سەلآمەتی خاک و سەربەخۆی رامیاری دەوڵەتان چونکە ناگونجێ لەگەڵ مەبەستەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان .

وە لە دەقی مادده دووی بەندی سێیەمی بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتووە کەوا ئامانجی رێکخراوی جیهانییە کەوا هەموو ئەندامەکانی روو لەبەکارهێنانی ئاشتی بکەن بەهەر هۆیەک کە بکرێت بۆ چارەسەری ململانێیە چەکداریەکان چونکە رەوا نیە بەکارهێنانی هێز پێش ئەوەی هەموو هۆیەکان و هۆکارەکانی ئاشتی بەکار نەهێنرێت .

وە ئاماژەش بەوە کراوە لە بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاتێک دا لەناو ( دیباجە ) دا بەروونی هاتووە کە دەلێت :

” ئێمە کە گەلانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانین ئەرکی سەرشانمانە کە دوا رۆژ بپارێزین لە کارەساتەکانی شەر چونکە یەک نەوە دووجار تووشی گەورەترین کارەسات هاتووە بەهۆی شەڕ – مەبەست جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمە – کەهەر باسی ناکرێت وە سەر لە نوێ تاکید دەکەین کەوا بروامان هەیە بە مافی سەرەکی بۆ مرۆڤ و بە کەرامەتی تاکە کەس و بروامان هەیە کەوا پیاو و ئافەرت , نەتەوەکان بە گەورەو بچوکیان مافیان وەک و یەک هەیە ” .

ئەم ئارەزووە لە لایەن دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی هەیە بۆ سڕینەوەی ئاسەوارو تارمایی شەڕ وە بۆ بەستنەوەو پەیوەندی دەوڵەتان , ئەم رێکخراوە سەرپەرشتی پاراستنی ئاشتی کردووە و هەوڵی داماڵینی چەک و بەنەفرەت کردنی شەری داوە , وە هەوڵی پەیداکردنی هۆکارێکی کاریگەری داوە بۆ بلاوکردنەوەی ئاشتی وە چارەسەرکردنی کێشەکان تەنها بەئاشتی , وە لەم سالآنەی دوایی گۆرانی زۆر گەورە بەسەر یاسا نێودەولەتیەکان دا هات وای کرد کە گۆرانگاری بکرێت لە ناوەرۆک و بۆچوونە سەرەکیەکانی یاسای نێودەوڵەتی .

ئەم گۆرانە بەدەری خست کە بۆچوونێکی جیهانی هەیە کە دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەرۆکایەتی دەکات و دەیەوێت پەرە بە بنەماو بۆچوونەکانی یاسای

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 1، العدد 2 (2020)
أُستلم البحث في 26 يناير 2020؛ قُبل في 12 آذار 2020
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 18 كانون الاول 2020
البريد الإلكتروني للمؤلف: hazhar.rahman@epu.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2020 هژار، ميران. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

نێودەوڵەتی بدرێت کە جێبەجێ دەکرێت لە ململانێیە چەکدارەیەکان , وە ئەم هەوڵە دڵسۆزانە وای کرد کە بناغەیەکی نوێ دابنرێت و بخرێتە پاڵ بنەمای یاسای نێودەوڵەتی .

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدا بەدیار دەکەوێت کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تووشی زۆرترین ئاستەنگ بۆتەوە لەلایەن وولاتان سەبارەت بە یاسایی مرۆیی بە جێبەجێ نەکردنی تەواوی بەندو ماددەکانی ئەم یاسایە کە زۆرجار پێشل کاری کراوە بە تایبەتی لەلایەن وولاتانی زلهێز کە بەربەستن لە بەرەو پێش بردنی یاسایی نێودەوڵەتی مرۆیی , وە هەروەها لەکاتی ئێستادا هاولاتیانی مەدەنی تووشی زۆرترین نەهامەتی و ناخۆشی دەبنەوە بە هۆی جەنگەکان لە کاتی ململانێیە چەکداریەکان , ئەمە لەلایەک لەلایەکی تریش ڕێکخراوی داعش زۆرترین و قێزەونترین تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجام داوە .

لە دوای ئەو ململانێیە چەکداریانەی کە لە نێوان وولاتان ڕوویان دەدا کە بەم هۆیەوە زیانی زۆر بەر هاولاتیانی مەدەنی دەکەوت بە تایبەت تاوانی لەناوبردنی بە کۆمەڵ و پاکتاوکردنی ڕەگەزی وەک ڕێکخراوی داعش کە ئەم تاوانانەی ئەنجامداوە , لەبەر ڕۆشنایی ئەم کردارانە ئایا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێککەوتننامە پەیوەندارەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ تا چەند توانیان ببنە بەربەست بۆ پاراستنی هاولاتیانی مەدەنی وە تاچەند دەتوانی ڕۆڵی هەبێت لە ڕێگەی هاندانی وولاتان تا برەو بە جێبەجێ کردنی مادەکانی یاسایی ناوبراو بکەن

لەگەڵ ئەوەی هەوڵی ئەوەمان داوە شیکردنەوەیەکی وردبکەین بۆ ڕۆڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە تاچەند جێبەجێ کردنی بەند و ماددەکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی ڕەنگی داوەتەوە لەلایەن وولاتان , جا لەبەر ئەمە بۆ ئەوەی ڕۆڵی ئەم ڕێکخراوە دیار بخەین پشت دەبەستین بە میتۆدی شیکاری .

لەبەر تیشکی ئەوەی کە ڕۆیشت هەوڵ دەدەم کە ناوەڕۆکی ئەم باسە باس بکەم لە رووی دروست بوون و پەرەسەندنی یاسای مرۆیی و هەوڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پەرەپێدانی , لە پاشان باسی ئەم راپۆرتانە دەکەین کە پەیوەندیدارن بە ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ لەکاتی ململانێیە چەکداریەکان وە باسی ئەو پاڵپشتیەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین کە دەیکات لە یاسای مرۆیی لە روانگەی ڕێککەوتننامەکان , وە بەشی کۆتایی ئەم باسەم دیاری کردووە بۆ هەوڵدان بۆ دروستکردن و دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی تایبەت بەتاوانەکانی ڕێکخراوی داعش.

## 2. هاتنەکایەی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی و هەوڵەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرەو پێش بردنی یاساکە

یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی تازە بابەت نیە , بەڵکو بنەماکانی لە کۆنەوە هەبووە , شەڕەکانی سەردەمە زووەکان بە درندەیی و وەحشیەت ناسرابوو ,لەو شەڕانە بەکارهێنانی ستەم و دەست درێژی کردن و خوێن ڕشتن بە بێ جیاوازی کردن لە نێوان شەرکەرەکان و بێ چەکەکان لە پیاو و ئافرەتی سک پڕ و منداڵی بچووک ( صلاح الدين عامر : ١٩٧٦ : ص ٥ ) , هەروەها جیاوازی نەدەکرا لە نێوان شەڕ و کەرەستەکانی شەڕ و لەلایەک و شوێنەکانی زانست و ڕۆشنبیری لە لایەکی ترەوە , جونکە شەری ئەو کات بریتیبوو لە ملکەچی لایەنی دۆڕاوو لایەنی سەرکەوتووش مافی بە خۆی دەدا کە هەرچی بە دڵی بێت و پێ ی بکرێت لە کرداری دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجامی بدات , دواتر هێدی هێدی شەرەکان ڕوو لە هێواش بوونەوە بوون , ئەوەش بەهۆی کارتێکردنی ئاینەکان داوای بەزەیی و دادپەروەری و نەرمی دەکرد , ئینجا دەوڵەتان پلە بە پلە ڕوویان کرد بە لەبەرچاوکردنی لایەنی مرۆیی لەشەرەکانیان دا , ئەمەش وای کرد دەست بکرێ بە دانانی هەندێ بنەما بۆ ڕێکخستنی هەندێ لایەنی کرداری شەڕ و دەولەتان لەسەری ڕۆیشتن ( د.عامر الزمالي : ١٩٩٣ : ص ٢٥ ) . بۆیە هەوڵ دەدەین ئەم بەشە دابەشی سەر دوو باس بکەین .

### 2.1 هاتنەکایەی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی

بیرۆکەی بوونی یاسای مرۆیی لە نێو پەیامە ئاسمانیەکان بینراوە و بەتایبەتی لە شەریعەتی ئیسلامی پیرۆز کە بە چەند حوکمێکی دیاریکراو هەڵس و کەوتی تاکە کەس و دەوڵەت ڕێک دەخات لە کاتی شەڕ و ئاشتی .

هەر لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بە لەبەرچاوگرتنی لایەنە مرۆییەکان لەکاتی شەڕ وەک و چەند بنەمایەکی هەڵقوڵاو لە ئاین و ڕەوشت بەرزی سیفەتی ئیلزامی وەرگرت و لە چوارچیوەی هەڵسوکەوتی ئەخلاقی یەوە چووە چوارچێوەی بنەمای یاسایی کە سیفەتی ئیلزامی هەیە .

دەرکەوتنی دەوڵەت بە شێوازی تازەی بە گوێرەی نوسینەکانی زانا یاساناسەکان لەگەڵ ئەو بناغەیەی کە ئاینە ئاسمانیەکان دایان ڕشت ڕۆڵی هەبوو لە کۆکردنەوەی بنەما عورفیە پەیڕەو کراوەکان کە هەڵسوکەوتی جەنگاوەرانی ڕێک دەخست لە شێوەی بانگەواز و ڕێکەوتننامەی نیودەوڵەتی یان لە شێوەی ڕێنمایی بۆ ئەو وڵاتانەی کە سوپاکانیان لە گۆڕپانی شەڕدان , نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە سەرهەڵدانێک بوو لە بواری دارشتنی عورف و ئاکارەکانی جەنگ ( د. صلاح الدين عامر : ١٩٨٢ : ص ٦ ) .

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین سەدەی نۆزدە بە سەرهەڵدانی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی دادەنرێ , ڕێکەوتننامەی پاریس لە ساڵی ١٨٥٦ بەیەکەم ڕێکەوتننامەی کۆمەڵێ دادەنرێت کە ڕێکخستنی هەڵس و کەوتی جەنگاوەران بگرێتە خۆی , بە پێی ئەو ڕێکەوتننامەیە ڕاونان و هێرش کردنە سەر گەشتییەکان لە لایەن هەندێک کەسەوە قەدەغەکرا , لە دوای ئەمە ڕێکەوتننامەی ( جنیف ) لە ساڵی ١٨٦٤ هات کە تایبەتە بەو مامەڵەیەی پێویستە بکرێ لەگەڵ بریندارن و نەخۆشەکانی گۆرەپانی جەنگ لەگەڵ هەڵس و کەوت لەگەڵ گیراوەکاندا .

دوای ئەمە کۆنگرەی ئاشتی هات کە لەشاری ( لاهای ) لە ساڵی ( ١٨٨٩-١٩٠٧ ) بەسترا بە پشت بەستن بە چەند ڕێکەوتننامەیەک کە یاساو کرداری جەنگ دیاری دەکات و ئاگاداری دەدات بۆ قەدەغەکردنی هەندێک کردارو ڕەفتار , لەوانە بۆمبا بارانکردنی شارەکان و بەکارهێنانی گازی ژهراوی ............ هتد بەڵام ئەم کۆنگرانە سەریان نەگرت لە ڕێکەوتن لەسەر شێوازێکی یەکگرتووی ناوێزیوانی تا بیکەینە هۆکارێک بۆ چارەسەری ئەو ناکۆکیانەی کە هەڕەشە لە ئاشتی دەکەن ( فهم القانون الانساني القواعد الاساسية لاتفاقيات جنيف و بروتوكوليها الاضافيين : 1999 : ص 12 ) .

لە دوای جەنگی جیهانی دووەم چەندین هەڵدرا بۆ دانانی ڕێکەوتننامەی یاسایی نوێ بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە فراوانەی کە هەیە لەناو یاساکانی شەڕ , بەم جۆرە تا کۆنگرەی دیبلۆماسی کە لە جنیف بەسترا لە ساڵی ١٩٤٩ لە دانانی چوار

ڕێکەوتننامەی سەرەکی سەرکەوت کە ئەمانە بوون ( السعدیە بنهاشم الحروني : ٢٠٠٧ : ص ٢٦ ) :

١ – ڕێکەوتننامەی جنێفی یەکەم لەساڵی ١٨٦٤ کە تایبەتە بە چاک کردنی باری ژیانی برینداران و نەخۆشانی گۆڕەپانی جەنگ .

٢ – ڕێکەوتننامەی جنێفی دووەم لەساڵی ١٩٠٦ کە تایبەتە بە چاک کردنی باری بریندار و نەخۆش و خنکاوانی هێزی دەریایی .

٣ – ڕێکەوتننامەی جنیفی سێ یەم لە ساڵی ١٩٢٩ کە تایبەتە بە مامەڵەکردن لەگەڵ گیراوەکانی شەڕ .

٤ – ڕێکەوتننامەی جنیفی چوارەم لە ساڵی ١٩٤٩ کە تایبەتە بە پاراستنی دانیشتوانی مەدەنی لە کاتی شەڕ .

بەم جۆرە هەر چوار ڕێکەوتننامەکەی جنێف لە ساڵی ١٩٤٩ بە هەنگاوێکی گەورە دادەنرێت لە پەرەپێدانی یاسای نێودەولەتی مرۆیی , بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەم وکوری زۆر لەناو ئەو ڕێکەوتننامانەدا بەدی دەکرێن لەبەر چەندین هۆ , لەوانە ئەو ڕێکەوتننامانە ناگونجێن لەگەڵ ئەو مەترسیانەی کە لە بەکارهێنانی چەکی پێش کەوتوو بەکاردێت کە زۆر زەحمەتەو ناتوانرێ جیاوازی لە نێوان مەدەنیەکان و جەنگاوەران بکرێت لە زۆر کاتدا , لەلایەکی تریشەوە ئەو ڕێککەوتننامانە لە کاتێکدا بەستراوە کە هێشتا زۆربەی گەلانی جیهان لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکاری رۆژئاوا دەیان ناڵاند بەشێوەیەک کە ئەم ڕێکەوتننامانە تەنیا دەربڕینێکی رۆژئاوای بوون لەبارەی یاسای شەڕ , وە دەولەتانی جیهانی سێ یەم هیچ رۆلێکیان نەبوو لە داڕشتنی ڕێکەوتننامەکان بۆیە ئەو ڕێکەوتننامانە نەیان توانی چارەسەری ئەو کێشانە بکەن کە پەیوەندارن بە شەری سەربەخۆیی ( د. محمد عزیز شکری : ١٩٨٢ : ص ٢٢-٢٣ ) .

دانانی شەرەکانی ئازادی و رزگاری بەشەری نێودەولەتی بە گرنگترین دەست کەوت دادەنرێت کە شۆرشگێرانی ڕێگای سەربەخۆیی بەدەستیان هێنا لە کاتی بەستنی کۆنگرەی دیبلۆماتی لە ساڵی ١٩٧٧ لە جنێف , هەر لەو کۆنگرەیە دوو پرۆتۆکۆلی تریش خرایە سەر ڕێکەوتننامەکانی جنێفی ساڵی ١٩٤٩ , وە هەروەها لە دەقی برگەی چوارەم لە ماددەی یەکەمدا پرۆتۆکۆلی یەکەمدا هاتووە (( دەگرێتە خۆی ئەوانەی لە برگەی پێشوو ئاماژەیان پێکرا , ئەو مللانێیە چەکداریانەی کە گەلان تێدەکۆشن لە دژی ئیستعمار و داگیرکەری دەرەکی و سیستەمە زۆردار و ڕەگەز پەرستەکان , هەموو گەلێک مافی چارەی خۆنووسینی هەیە و بۆ دیارکردنی ئەم مافە بۆی هەیە تێبکۆشێ و خەبات بکات بە پێی بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو ئەو بنەمایانەی کە پەیوەندیان بە یاسای نێودەوڵەتیەوە هەیە بە گوێرەی بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ( فهم القانون الانساني : المرجع السابق : ص ١١ ) .

بە گوێرەی ئەم دەقە شەڕەکانی ئازادیخوازی چووە نێو بازنەی شەڕی نێودەوڵەتی و لەو بوارە ڕۆڵ و کۆششی ڕێکخراوە ئازادیخوازەکان کە بەشداری کۆنگرەیان کردبوو ئاشکراو بەرچاو بوو و لە ڕۆڵی چاودێر زیاتربوو کە گەیشتە ئاستی ئەو لایەنانەی پەیمانەکەیان مۆرکرد , لەرێکخراوانە : ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین ( د. عبدالغني محمود : ١٩٩١ : ل ٣٢ ) .

بەم جۆرە دەبینین کەوا یاسای نێودەوڵەتی بە دوو ڕێڕەو پەرەی سەندووە , ئەمانیش :

١ – ڕێکخستنی هۆکارو شێوازەکانی کرداری شەڕ کە بە یاسای ( لاهای ) دەناسرێ .

٢ – پاراستنی قوربانیانی شەڕ و دانیشتوانی مەدەنی کەپێی دەوترێت یاسای ( جنێف ) ( د. عامر الزمالی : المرجع السابق : ص ١١ ).

زۆربەی زانیان پێیان وایە کەوا یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی بەشێکە لە یاسای نێودەلەتی سەردەم لەبەرئەوەی هەموو ئەو ڕەگەزانە لەخۆی دەگرێ کە بیکاتە بەشێکی ئەم یاسایە .

زانایان جیاوازن لە بۆچوونیان دەربارەی پێناسەکردنی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی , لەم ڕووەوە دوو رایان هەیە :

یەکەم : پێناسەی یاسای نێودەولەتی بەشێوەکی فراوان کە دەڵێن ( مەبەست لە یاسای نێودەولەتی مرۆیی کۆمەڵە بنەمایەکی یاسایی نێو دەولەتی یە , نووسراو یان عورفیە کە ڕێز و حورمەت بۆ تاکەکەس دادەنێت ) , ئەم پێناسەیە مافەکانی مرۆڤ لەکاتی شەڕ و لەکاتی ئاشتی دەگرێتەوە , واتە یاسای لاهای و جنێڤ ( د. علی صادق أوهیف : ٢٠١٥ : ل ٧٨٦ ) .

دووەم : پێناسەی یاسای مرۆیی بە شێوەیەکی دیاریکراو کە لایەنگرانی دەڵێن ( کۆمەڵە بنەمایەکی یاسایی نێو دەوڵەتی یە کە سەرچاوەی گرتووە لە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکان و ئاکاری پەیرەوکراو لە چارەسەرکردنی کێشە مرۆڤایەتیەکان کە ڕاستەوخۆ لە ناکۆکیە چەکداریەکانی دەوڵەتان سەری هەڵداوە و لەبەر چەند هۆیەکی مرۆڤایەتی لایەنەکان دەبەستێتەوە لە بەکارهێنانی ئەو ڕێگە و شێوازانەی کە بەدڵی خۆیانە , هەروەها مرۆڤەکان دەپارێزێ و زامنی پاراستنی ئەو کەسانە دەکات کە زەرەرمەندن لەو ناکۆکیە چەکداریانە ) , ئەو پێناسەیە لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور وەری گرتووە ( البروتوكولان الاضافيان : ١٩٧٧ : ص ١٢ ) .

## 2.2 هەوڵەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەبەرەوپێش بردنی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی

گەورەترین شوێنەوار کە کارەساتی جەنگی جیهانی دووەم جێیهێشت هەستکردنی زیاتر بوو بە گرنگی پارێزگاری کردن لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی , وە راگرتنی بە هۆی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی تاوەکو گەلان رووبکەنە چککردنی ئەوەی شەڕ ویرانی کردووە , وە هاریکاری یەکتر بکەن بۆ گەیشتن بە پێشکەوتنی ئابووری و خۆشگوزەرانی ( د . محمد حافظ غانم : ١٩٦٧ : ص ١٩٧ ) .

دوای بەدەنگەوە هاتنی دەوڵەتان لە کۆنگرەی ( سان فرانسیسکۆ ) لە ساڵی ١٩٤٥ بۆ بڕەودان لەسەر بەڵگەنامەی نەتەوەیەکگرتوەکان , هەر لەو کۆنگرەیە دووپات کرایەوە کەوا ئامانجی یەکەم قەدەغە کردنی شەڕ و پارێزگاری کردنی ئاشتی نێودەوڵەتی هەروەکو لە دەقی بەڵگەنامە هاتووە :

" دەبێت گشت ئەندامانی دەستەی گشتی لە پەیوەندیە نیودەوڵەتیەکاندا دووربکەونەوە لەگەف کردن لە بەکارهێنانی هێز لە دژی سەلامەتی نیشتمان و سەربەخۆیی رامیاری خەر دەوڵەتێک وە نابێت هیچ کارێک بکرێت کە نەگونجێ لەگەڵ ئامانجەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان " ( د . عبدالسلام صالح عرفة : ١٩٩٣ : ص ٤٧٥ ) .

وە لە راستی دا کۆنگرەی نێودەوڵەتی یەکەمی نەتەوەیکگرتووەکان کە لە ساڵی ١٩٨٦ لە تاران بەسترا بە خالێکی وەرچەرخان دادەنرێ لە ڕێی بەشداری کردنی نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەوڵی پەرەپێدانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی کە جێبەجێ دەکرێت لە ناکۆکیە چەکداریەکان , وە هەر لەو کۆنگرەیە داوا لە گشت دەوڵەتان

کرا کە ئەندام نین لە ڕێکەوتننامەکانی ( لاهای ) سالآنی ١٨٩٩ , ١٩٠٧ و پرۆتۆکۆلی جنێف ساڵی ١٩٢٥ و ڕێکەوتننامەکانی جنێف ساڵی ١٩٤٥ کەوا بنە ئەندام ( د . عامر الزمالي : المرجع السابق : ص ١٤ ) .
کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەرواری ١٩ ی دیسمبەری ١٩٨٦ ڕاسپاردەی ژمارە ( ٢٤٤٤ ) ی دەرکرد کە دەبێت ئەمینداری گشتی بە ڕاوێژکردن لەگەڵ خاچی سووری نێودەوڵەتی گشت وڵاتانی ئەندام ئاگادار بکاتەوە کە کاربکەن بەو یاسایانەی کە ئێستا ئیشی پێ دەکرێ لە یاساکانی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ و هانیان بدات بۆ کارکردن تا بناغەی نوێ دادەنرێت بۆ زامن کردنی پاراستنی هاووڵاتیان و جەنگاوەران بە پێی یاساکانی نەتەوەیەکگرتووەکان ( د. عبدالغنی محمود : المرجع السابق : ص ٢٨ ) .
بڕیاری کۆمەڵەی گشتی تەئکیدی کردەوە لەسەر بڕیاری کۆنگرەی نێودەوڵەتی دوازدەهەمی خاکی سوور و مانگی سوور کە لەشاری ڤییەننا لەساڵی ١٩٦٥ بەسترا , ئەم کۆنگرەیە سێ بنەمای سەرەکی دارشت کە دەبێ ڕەچاو بکرێ لە کاتی ململانێیە چەکداریەکان :
یەکەم : مافی لایەنە ناکۆکەکان لەبەرکارهێنانی هۆکاری زیان بەخش بە دوژمن مافێکی ڕەها نییە .
دووەم : هێرش کردنە سەر دانیشتوانی مەدەنی قەدەغەیە بەهەموو شێوەیەک .
سێ یەم : دەبێت هەموو کات جیاوازی بکرێت لە نێوان ئەو کەسانەی بەشدارن لە کاری دوژمنکاری و دانیشتوانی مەدەنی بۆ ئەوەی زیان لە جۆری دووەم نەدرێت ( د . صلاح الدین عامر : المرجع السابق : ص ٤٨ ) .
بە دەرکردنی بڕیاری ( ٢٤٤٤ ) کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بیرۆکەی شەڕکردن دژی هاولاتیانی مەدەنی بۆ ئەوەی بەرامبەر ناچار بکەی لەسەر خۆبەدەستەوەدان بە بیرۆکەیەکی ناڕەوا دانا , ئەو بڕیارە درێژەدان بوو بە ڕێگای یەکخستنی هەرسێ ڕێرەوەی یاسایی مرۆیی ( جنیف – لاهای – نەتەوەیکگرتووەکان ) تاوەکو لەیەک ڕێرەو یەکگرن .
وە لە خوارەوە گرنگترین ڕاپۆرت و ڕێککەوتننامە پەیوەندارەکان بە مافی مرۆڤ دەخەینە روو .

### 2.2.1 لقی یەکەم : ڕاپۆرتە یەکەمینەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان

لە خولی بیست و پێنجەمی ساڵی ١٩٦٩ یەکەم ڕاپۆرت پێشکەش کرا لە لایەن سکرتێری گشتی دەبارەی مافەکانی مرۆڤ لە کاتی ململانێیە چەکداریەکاندا بۆ کۆمەڵەی گشتی ( فهم القانون الانسانی : ١٩٩٩ المرجع السابق : ص ٤٧ ) .
ڕاپۆرتی دووەم لە ساڵی ١٩٧٠ پێشکەش کرا کە باسی ئەو پاراستنە دەکات کە پرۆتۆکۆلەکانی نەتەوەیکگرتووەکان مافەکانی مرۆڤ زامن دەکات لەکاتی ململانێیە چەکداریەکان , لەوانە بۆ نموونە : پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و رامیاریەکان , وە ڕاپۆرتەکە باسی ئەوە دەکات کە دەبێت شوێن دیاری بکرێت بۆ پاراستنی مەدنیەکان و قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و بەکتریۆژی ( د , علاءالدین حسین مکی خماس : ١٩٨٢ : ص ٢٩ ) .
هەوەرها کۆمەڵەی گشتی لەخولی بیست و پێنجەم ئەو خالانەی دووپات کردەوە کە پێشتر بڕیاری لەسەر درابوو لە خولەکانی پێشوو , وە هەر لەخولی بیست و پێنجەم ساڵی ١٩٦٩ لەکاتی باسی مافەکانی مرۆڤ لە کاتی ناکۆکیە چەکداریەکان پێنج بڕیار درا کە ئەمانەن :

١ – زامن کردنی ژیانی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە ئەرکی زۆر ترسناک ئەنجام دەدەن .
٢ – بەشداربووان لە بزووتنەوەی بەرگری و تێکۆشەران لە پێناوی ئازادی پێویستە ڕفتاریان لەگەڵدا بکرێت گیرانیان وەکو دیلی جەنگ .
٣ – ئەو بڕیارە پەیوەندی هەیە بە هەندێک بنەمای سەرەکی بۆ پاراستنی دانیشتیووانی مەدەنی لە ناکۆکیە چەکداریەکاندا , وە مافەکانی مرۆڤ کە وەرگیراوە لە یاسای نێودەوڵەتی دەبێت جێبەجێ بکرێت لەکاتی ناکۆکیە چەکداریەکان .
٤ – ئەم بڕیارە تایبەتە بە دیلەکانی شەڕ کە دووپاتی دەکاتەوە لەسەر گرنگی بەردەوام بوون لەسەر هاوکاری بەتین لە نێوان نەتەوەیکگرتووەکان و لێژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور .

### 2.2.2 لقی دووەم : ڕێکەوتننامە پەیوەندارەکان بە ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ لەکاتی ململانێیە چەکداریەکان

نەتەوە یکگرتووەکان پشتگیری لە یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی کردووە بە چەند ڕێکەوتننامەو ئاگادارکردنەوەکی نێودەوڵەتی وە لەم ڕێککەوتننامانەی نەتەوەیکگرتووەکان کە زۆر گرنگە لەم بارەیەوە :
١ – ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی لەناوبردنی بە کۆمەڵ وە سزادان لەسەری هەروەک کۆمەڵەی گشتی لە ساڵی ١٩٤٨ بڕیاری لەسەردا , ئەم ڕێککەوتننامەیە دووپاتی کردەوە کە لەناوبردنی بە کۆمەڵ دادەنرێت بەکارێکی تاوانکاری لەکاتی ئاشتی هەروەکو لەکاتی شەڕ ( ماددەی یەکەمی ڕێککەوتننامەکە ) .
وە لە ماددەی دووەم وەسفی تاوانەکە دەکات بەم شێوەیە :
أ – کۆشتنی تاکەکانی کۆمەڵ .
ب ــ بوونە هۆی گەیاندنی زیانی جەستەیی یان ئەقڵی ترسناک بە تاکەکانی کۆمەڵ .
ج – سەپاندنی زۆردارەکی شێوازێکی دیاریکراوی ژیان کە شیرازەی ژیانی کۆمەڵگە تێکبدات .
د – سەپاندنی سیستەمی ئەوتۆ بە مەبەستی قەدەغەکردنی زاووزێ .
هـ – گواستنەوەی منداڵانی کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگایەکی تر ( ماددەی دووەمی ڕێککەوتننامەکە ) .
٢ – ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردنی بە کارهێنانی چەکی ئەتۆمی :
لەکۆتایی جەنگی جیهانی دووەم گەلانی جیهان خۆیان لەبەردەم چەکێکی زۆر ترسناک بینیەوە دوای ئەوەی ووزەی ئەتۆم بینرایەوە , گفتۆگۆی زۆر لەبارەی ترسناکی ئەم چەکە کرا بەڵام نەتوانرا قەدەغەی ئەم چەکە و بەکارهێنانی بکرێت بەشێوەیەکی روون لە ڕێککەوتننامەکانی یاسای مرۆیی , بەڵام کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیکگرتووەکان قەدەغەی کرد لە بڕیارێکیدا لە ساڵی ١٩٦١ بە شێوەیەکی تەواو بەو پێیە بە پێشێلکاریەکی گەورەی بەڵگەنامەی نەتەوەیکگرتووەکان و بنەمای مرۆڤایەتی دادەنرێت ( د . غسان العزی : ٢٠٠٠ : ص ٧٥ ) .
٣ – ڕێکەوتننامەی قەدەغەکردنی تاقیکردنەوەی چەکی ئەتۆمی لە ئاسمان و لە بۆشایی دەرەوە و لە ژێر ئاودا :
ئەو ڕێککەتننامەیە لە ساڵی ١٩٦٣ مۆرکرا کە هەرچەندە لە ژێرسایەی نەتەوەیەکگرتووەکان نەبوو بەڵام کۆمەڵەی گشتی پەسەندی کرد کە لایەنەکان هەر

هەموویان بڕیاریاندا کۆتایی بهێنن بە پیسکردنی ژینگە بە ماددەی تیشکدار .
٤ – ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی ئاسایی کە دەکرێت دابنرێت بە زۆر زیانبەخش .
٥ - ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و بکتریۆلۆجی :
ئەم ڕێککەوتننامەیە ئەوە دەردەخات کە تا چ ڕادەیەک کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرەو چەسپاندنی بنەماکانی یاسای مرۆیی هەنگاو دەنێ لە ڕێگای قەدەغەکردنی چەند جۆرە چەکێکی دیاریکراو ( https://www.politics-dz.com/الاتفاقيات-والمعاهدات-الدولية-والإق/ بەرواری سەردان: ٢٠١٩/٩/٣٠ ) .
٦ – ڕێککەوتننامەی تێپەڕنەبوونی ماوە بەسەر تاوانەکانی جەنگ و ئەو تاوانانەی دژی مرۆڤایەتی ئەنجام دەدرێت : بنەمای تێپەربوونی ماوە ( التقادم ) جیبەجێ ناکرێ لەسەر ئەم تاوانانەی خوارەوە :
( https://www.icrc.org/ar/doc/resources/documents/misc/62sgjl.htm بەرواری سەردان :٢٠١٩/٩/٣٠)
أ – تاوانەکانی جەنگ کە ئاماژەی پێکراوە لە پرۆگرامی سەرەکی دادگای نۆرمبیرگی سەربازی نێودەوڵەتی کە دەرچووە لە ( ١٩٤٥/٨/٨ ) بەتایبەت ئەو تاوانانەی بە ( تاوانی زۆر ترسناک ) دەژمێردرێن .
ب ــ ئەو تاوانانەی کە لە دژی مرۆڤایەتی ئەنجام دەدرێت جا چ لەکاتی ئاشتی و چ لەکاتی شەڕ کە ئەویش پێناسەی بۆ کراوە لە پرۆگرامی سەرەکی دادگا نۆرمبێرگی سەربازی وەکو ( دەست درێژی چەکداری و داگیرکردن و رەفتارە نامرۆڤانەکان و رەگەزپەرستی و تاوانی لەناوبردنی بە کۆمەڵ ) کە ئاماژە پێکراوە لە ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٤٨ تەنانەت لەو حاڵەتانەش کە یاسای نێوخۆی وولاتەکەش سزای لەسەر دانەنێت * ( ئەو برگەیە بەتەواوی لەسەر ڕژێمی عێراقی دکتاتۆری پێشوو جێبەجێ دەبێت کە تاوانی لەناوبردنی بە کۆمەڵی دژی گەلی کوردمان ئەنجام دەدا و مۆرکێکی یاسایی دزێویشی پێ دەبەخشی )
٧ – تێکۆشەران لە پێناوی ئازادی :
کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٧٣ بابەتی یاسایی بۆ جەنگاوەران دیارکردووە کە تێدەکۆشن لە دژی ڕژێمە داگیرکەر و رەگەزپەرستەکان لە پێناوی مافی چارەی خۆنووسین .
٨ – پاراستنی منالان و ئافرەتان :
کۆمەڵەی گشتی لە ساڵی ١٩٧٤ ئاگاداریەکی دەرکرد کە پەیوەندیدارە بە بابەتی پاراستنی ئافرەت و منداڵان لە کاتی ململانێیە چەکداریەکان , ئاگاداریەکە هەموو رەفتارێک لە دژی ئافرەت و منالان وەکو مامەڵەی نەشیاو و بەندکردن و ئازاردان و تێکدانی ماڵ وە دەرکردنی بەزۆر قەدەغە دەکات و بەکاری تاوانکاریان دەداتە قەڵەم .
٩ – حاڵەتی تایبەتی ڕۆژنامەنووسان و پاراستنیان :
کۆمەڵەی گشتی لە خولی بیست و پێنجەمی باسی ئەو مەسەلەی کرد و لە بڕیارێکدا لە بەرواری ( ٢ / ١١ / ١٩٧٣ ) داوای لە ئەمینداری گشتی کرد کە بابەتەکە بخاتە بەردەم کۆنگرەی دیبلۆماتی لە جنێف , ئەوە بوو بابەتەکە لە ماددەی ( ٧٩ ) ی پرۆتۆکۆلی یەکەمی کۆنگرەی ساڵی ١٩٧٧ چارەسەر کرا .
١٠ – بەکرێگیراوان ( المرتزقة ) :
لە زۆر بۆنەدا لە ساڵی شەستەکان بەولاوە ئیدانەی بەکارهێنانی بەکرێگیراوان کرا لە دژی بزووتنەوە رزگاریخوازەکان یا بە مەبەستی لەناوبردنی حکومەتێک کە ئەمە بە کارێکی تاوانکاری دەدرایە قەڵەم , ئەمە لەلایەن کۆمەڵەی گشتی و ئەنجوومەنی ئاسایش و لیژنەی مافەکانی مرۆڤ , ئەوە بوو لە بەرواری (١٩٨٩/١٢/٤ ) ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی لە دژی بەکارهێنانی بەکرێگیراوان بڕیاری لەسەر درا ( https://www.ohchr.org/AR/ProfessionalInterest/Pages/Mercenaries.aspx : بەرواری سەردان : ٣٠ / ٩ / ٢٠١٩ )

## 3. ڕێگاو شێوازەکانی چارەسەرکردنی بەزاندنی بنەمای یاسا نێودەڵەتیە مرۆییەکان

ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بە ئالیەتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی کە لە پەیمان و بەڵگە نێودەوڵەتیەکان سەرهەڵ دەدات پێویستە لە سەرەتاوە ئاشکرا بکەین کەوا نەتەوەیەکگرتووەکان تا ئێستا نەیتوانیوە ئالیەتێکی کاریگەر و بزوێنەر دروست بکات بۆ ئەوەی وا لە دەوڵەتانی بکرێ پەیمانەکانیان جێبەجێ بکەن بە گوێرەی بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان هەروەک چۆن یاسا نێوخۆییەکان سزای ئەو هاوڵاتیانە دەدەن کە سنووری یاسا دەبەزێنن .
دیارە ئاشکرایە ئەو سزایانە کە نەتەوەیەکگرتووەکان دەتوانێت بیان سەپێنێت ئەوەیە کە لەبەشی حەوتەمی میساقی نەتەوەیەکگرتووەکاندا هاتووە کە تایبەتە بە کارهێنانی هێز لەکاتی دوژمنایەتی چەکداری و تێکدانی ئاشتی و ئاسایشی نێودەڵەتی کە ئەمەش بە گوێرەی بڕیارێک دەبێت کە لە لایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەولەتی دەردەچێت بەو مەرجەی هیچ کام لەو پێنج دەوڵەتەی کە ئەندامی هەمیشەییەن لە ئەنجوومەنی ئاسایش پێشی لێ نەگرن (د. عبدالسلام عرفة : المرجع السابق : ص ٤٨٦ ) .
بۆیە بۆمان دەردەکەوێت کە نەتەوەیەکگرتووەکان بە پێوەرێکی بابەتکی ( المعيار الموضوعي ) گیروگرفتە نێودەولێەتیەکان چارەسەر ناکات بەڵکو چارەسەرکردنی مەسەلەکان رادەوستێتە سەر ئیرادەی ئەندامە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش و لەسەرووی هەمووشیانەوە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا .
ئەگەر بێتو بنەماو بناغەکانی یاسای مرۆیی بەبێ جێبەجێ کردن بێنینەوە ئەوا تەنها وەک و تیۆری سەیر دەکرێت , بۆیە لەسەر گشت دەوڵەتان پێویستە بەشداری بکەن لە بەهێزکردنی و جێبەجێ کردنی بناغەکانی یاسای مرۆیی , وە دەبێت هەموو کاتێک ئەو راستیە لەبەرچاو بگرین کە هەرکاتێک بنەماکانی یاسای مرۆیی پێشێل بکرێ ئەوا لێپرسراویەتی دەکەوێتە ئەستۆی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کە دەستەی نەتەوەیەکگرتووەکان تەمسیلی ئەم کۆمەڵگایە دەکات (صلاح الدين عامر : المرجع السابق : ص ١٣٧ ) .
لە ژێر ڕۆشنایی هەموو ئەوانەی باسمان کرد لەم بەشەی توێژینەوەکەمان گفتوگۆ لەبارەی هەڵوێستی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکەین بەرامبەر بەو ڕووداوانەی کە ڕوویانداوە و بەتاوانی جەنگ و تاوانی دژ بەئاشتی نێودەوڵەتی دادەنرێن هەر لە دادگایی کردنی تاوانبارانی جەنگی ئەڵمان و یابان لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم لەبەردەم دادگای نۆرمبیرگ تا دەگاتە پێکهێنانی هەردوو دادگای یۆگۆسلافیای پێشوو و ڕواندا هەروەها دادگای تایبەت بە لوبنان و کمبودیا.

### 3.1 دادگاکانی نورمبێرگ و تۆکیۆ

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم و وەکو جێبەجێ کردنی بانگەوازی مۆسکۆ وولاتانی ( ئەمەریکا و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و فەرنسا و بەریتانیا ) لە ڕێکەوتی ( ٨ /٨ / ١٩٤٥ ) لە لەندەن ڕێککەوتننامەیەکیان مۆرکرد بۆ دادگایی کردنی تاوانبارانی سەرەکی وولاتانی میحوەری ئەوروپی وە سزادانیان .

وە ئەو ڕێککەوتننامەیە باسی دامەزراندنی دادگایەکی سەربازی نێودەوڵەتی دەکات کە پێکدێت لە چوار دادوەر کە هەر یەکێک لەو دادوەرانە یەکێک لەم دەوڵەتانە دایەنێت کە ڕێککەوتننامەکەی مۆرکردووە , لەگەل دامەزراندنی چوار دادوەری تریش کە هەر بە هەمان شێوە دادەنرێت ( د , علاءالدين حسين مكي خماس : المرجع السابق : ص ٥٨ ) .

هەروەها بریاردرا بە دانانی دادگایەکی سەربازی نێودەوڵەتی بۆ رۆژهەلاتی دوور پاش دۆراندنی یابان ڕێککەوتن لەسەر خۆبەدەستەوەدان لەساڵی ١٩٤٥ سەرکردەی بالای هێزە چەکدارەکان وولاتانی حلفاء لە رۆژهەلاتی دوور ( الشرق لآقصی ) جنرال( مارك أرثر ) لە ڕێکەوتی ( ١٩ / ١ / ١٩٤٦ ) لێدوانێکی دا تیایدا بریاریان دا بە دامەزراندنی دادگایەکی سەربازی و سزادانی تاوانبارانی جەنگ لە رۆژهەلاتی دوور بەتایبەتی وولاتی ( یابان ) , وە ژمارەی دادوەرکان لە نێوان ( ٦ ) بۆ ( ١١ ) ئەندام بوو کە لە لایەن سەرکردەی بالای هێزە چەکدارەکانی وولاتانی ( حلفاء ) دادەنران کە ئەمەش جیاواز بوو لەگەڵ دادگای نۆرمبێرگ کە دادوەرکان لەوێ لەلایەن ولاتەکانیان دیاری دەرکران و دادەنران , هەروەها چەندین دادگای نیشتمانی سەربازی داندرا لە ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرنسا لە ناوچە داگیرکراوەکان لە ئەڵمانیا ( عبدالرزاق حميد : ٢٠٠٨ : ص ١٠٧ ) .

هەروەها کۆمەلەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بریارێکی دەرکرد لە بەرواری ( ٢٦ / ١١ / ١٩٦٨ ) کە تیایدا بنەماکانی میساقی نۆرمبێرگی بەرەو پێش برد لە ڕێگای چەندین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی وەک بریارەکانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکانی وەک :

 ڕێککەوتننامەی تایبەت بە نەهێشتنی تاوانی لەناوبردنی بەکۆمەڵ و سزای بکەرانی بدرێ - ١٩٤٨ .

 ڕێککەوتننامەکانی جنێڤ تایبەت بە پاراستنی قوربانیانی جەنگ – ١٩٤٩ .

 ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی نەکەوتنی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی بە تێپەربوونی ماوە – ١٩٦٨ ( د.علی صادق أبو هيف : المرجع السابق : ص ٢٣٨ ) .

### 3.2 دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە یۆگسلافیای پێشوو و ڕواندا

پاش ناکۆکیەکانی کە سەریان هەڵدا لە یوگسلافیای پیشوو و ڕواندا وە لە نەبوونی دادگایەکی تاوانی نێودەوڵەتی بەردەوام ,کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دوو دادگای تاوانی نێودەوڵەتیان دامەزراند بۆ دادگایکردنی ئەو کەسانەی کە بەرپرس بوون لە ئەنجام دانی تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی لەناوبردنی بەکۆمەڵ کە ئەوانیش دادگای تاوانی نێودەوڵەتی یەگسلافیای پێشوو و دادگای نێودەوڵەتی ڕواندا .

#### 3.2.1 یەکەم : دادگای تاوانی نێودەوڵەتی یوگسلافیای پێشوو :

ئەو دادگایە لە ساڵی ١٩٩٣ دامەزرا وە لەساڵی ١٩٩٤ دەست بەکاربوو ژمارەی دادوەرکان پێک دەهات لە ( ١٤ ) دادوەر لە ڕەگەزنامە جۆربەجۆرەکان , کە ئەمەش بایەخدانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەردەخات بە بابەتی دادگایی کردنی تاوانبارانی جەنگ لە یوگسلافیای پێشوو کە بەرپرسن لە کاری پاکتاو کردنی ڕەگەزی و لەناو بردنی بە کۆمەڵ دوای تێپەربوونی دوو ساڵ بەسەر دەستپێکردنی شەڕ (-https://ar.guide-humanitarian law.org/content/article/5/lmhkm-ljnyy-ldwly-lywgwslfy-lsbq-wlmhkm-ljnyy-ldwly-lrwnd/ : بەرواری سەردان ٤/ ١٠ / ٢٠١٩) .

لێرەدا بە پێویستی دەزانین تەواوی ئەو بریارانە پوخت بکەینەوە کە لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەرچووە :

 بریاری ژمارە ( ٧١٣ ) – ( ٢٥ / ٥ / ١٩٩١ ) ئەم بریارە بەیەکەم بریار دادەنرێت کە ئەنجوومەنی ئاسایش دەری بکات بە گوێرەی بەشی حەوتەم لە میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان تیایدا بەتەواوی ئابلووقە خرایە فرۆشتنی چەک و پێداویستی شەڕ و گواستنەوە و ناردنیان بۆ خاکی یوگسلافیا.

 بریاری ژمارە ( ٧٢٤ ) – ( ١٥ / ١٢ / ١٩٩١ ) بریار درا بە ناردنی هێزی نێودەوڵەتی ڕەوانەی ئەم ناوچانە بکرێت .

 بریاری ژمارە ( ٧٢٧ ) – ( ٨ / ١ / ١٩٩٢ ) بریاردرا بە زیادکردنی هێزە نێودەوڵەتیەکان لەم سنوورە .

 بریاری ژمارە ( ٧٤٠ ) – ( ٧ / ٢ / ١٩٩٢ ) هێزەکان زیاد کران بۆ ئەوەی ئەم هێزانە ببنە بەشی یەکەمی هێزی پاراستنی نەتەوەیەکگرتووەکان .

 بریاری ژمارە ( ٧٥٢ ) – ( ٦ / ١٠ / ١٩٩٢ ) ئەنجوومەنی ئاسایش سەرزەنشتی کاربەدەستانی فیدراڵی ( سربیا و چیای ڕەش ) کرد وە بریاریدا سزای توندیان لەسەر بسەپێنرێت .

 بریاری ژمارە ( ٧٨٧ ) – ( ١٦ / ١١ / ١٩٩٢ ) ئەنجوومەن سزا سەپێنراوەکانی سەر یوگسلافیای توندتر کرد .

 بریاری ژمارە ( ٧٨٠ ) – ( ٦ / ١٠ / ١٩٩٢ ) بریاردرا لیژنەی بێ لایەن پێکبهێنرێ لە کۆمەڵێک پسپۆر بۆ لێکۆلینەوە لەو تاوانانەی لە هەرێمی یوگسلافیای پێشوو ئەنجام دراون دژ بە مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی .

 بریاری ژمارە ( ٧٥٧ ) – ( ١٩٩٢ ) ئەم بریارە بریاری ژمارە ( ٧٥٢ ) ی دووپات کردەوە سەبارەت بە سزاکان بە گوێرەی بەشی حەوتەمی میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان .

 بریاری ژمارە ( ٨٠٨ ) – ( ١٩٩٣ ) , دادگای یوگسلافیای پیشوو دامەزرا

(https://www.un.org/securitycouncil/ar/content/resolutions : بەرواری سەردان : ٤ /١٠ / ٢٠١٩ ) .

وە لیژنەی مافەکانی مرۆڤ چەندین بریاری دەرکرد سەبارەت بە بۆسنەو هەرسک وە بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی هەیە بە پاکتاو کردنی ڕەگەزی وە هەوڵدان بۆ بلاوەپێکردنی کۆمەڵە نیشتمانی یا ڕەگەزی یا ئاینیەکان و لەوناوبردنیان هەروەکو لە دانیشتنە نائاساییەکەی کە لە بەرواری ( ١١/٣٠ تا ١ / ١٢ / ١٩٩٢ ) ی خایاند و تیایدا بریارێک دەرکرا تیشکی خستە سەر حاڵەتی مۆسڵمانەکان کە دووچاری تاوانی لەناوبردنی بە کۆمەڵ دەبنەوە .

#### 3.2.2 دووەم : دادگای ڕواندا

کۆماری ڕواندا وولاتێکی ئەفریقیە خەلکەی بەدابەش بووە بەسەر هەردوو هۆزی ( توتسی ) ( TUTSU ) و هۆزی ( هوتو ) ( HUTU ) کە ئەمەیان دەسەلاتی تەواوی هەبوو بەسەر فەرمانرەوایەتی وولات , دوای شەرو ململانێیەکی زۆری نێوانیان دواجار ڕێککەوتنامەیەکی ئاشتیان مۆرکرد لە شاری ( ئاروشا ) ی پایتەختی ( تەنزانیا ) لە ( ٦ / ٨ / ١٩٩٣ ) وە کۆمەڵگای نێودەولەتی پێشوازی لەم هەنگاوە کرد , بەلام ئەوەندەی نەخایەند دووبارە جەنگ و ململانێ لە نێوانیان سەری هەڵدایەوە , وەلەبەر زۆری ژمارەی دانیشتوانی وە بەهۆی ئەو پێشێلکاریە گەورانەی مافەکانی مرۆڤ و بنەماکانی یاسای مرۆیی کە لە ململانێیەکانی ڕواندا ڕوویاندا ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاریدا دادگایەکی تایبەت دابمەزرێنێ بۆ دادگایی کردنی ئەو کەسانەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیان ئەنجام داوە بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش ژمارە ( ٩٣٥ ) لە ساڵی ١٩٩٤ وە بە پێی ئەم بڕیارە ئەنجوومەنی ئاسایش لیژنەیەک لە شارەزایان پێک بهێنێت بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەسەر بەزاندنی مافەکانی مرۆڤ لە رواندا وە لە راپۆرتەکان ئاماژە بەوە کرابوو کە لەنابردن دژی کۆمەڵەی ( توتسی ) ئەنجام دەدرا لە لایەن دەسەلاتدارانی ( هوتو ) لەگەل بەردەوام بوونی شەر وای کرد کەوا ئەنجوومەنی ئاسایش دوو کۆبوونەوە ئەنجام بدات لە مانگی (ابریل ١٩٩٤ ) لەسەر رواندا وە دوای دڵنیابوونەوەی ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان کە بەزاندنی ترسناک دژی یاسایی نێودەولەتی مرۆیی ئەنجام دەدرێت ئەوە بوو لە بەرواری ( ٨ نوفمبر ١٩٩٤ ) وە پالپشت بە بەندی حەفتەم لە میساقی نەتەوەیەکگرتوەکان ئەنجوومەنی ئاسایش بڕیاری ژمارە ( ٩٥٥ ) ی بە دامەرزاندنی دادگا تاوانی نێەدەولەتی تایبەت بە رواندا بۆ دادگایکردنی ئەو کەسانەی کە بەرپرسن کە ئەنجام دانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی لەناوبردن بە کۆمەل ( مستاری عادل : ٢٠٠٨ : ص ص ٢٥١-٢٥٢ ) .

لەگەل ئەمانەدا ئاماژە بە دوو دادگای تریش دەکەین کە ئەوانیش :

دادگای تایبەت بە لوبنان : ئەو دادگایە دادگایەکی ناوەخۆی بوو لە نێوان لوبنان و نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا لە ساڵی ٢٠٠٩ وە مەرکەزەکەی لە شاری لاهای هۆلەندا بوو , ئەو دادگایە تایبەت بوو بە لێکۆلینەوە کردن لەسەر تیرۆرکردنی ( رفیق حریری ) سەرۆک وەزیرانی لوبنانی پێشوو لەگەل دەیان لە یاریدەدەرەکانی و پاسەوەکانی ناوبراو . ( Security Council, Resolution 1757 (2007) Adopted by the Security Council at its 5685th meeting, on 30 May 2007 : بەرواری سەردان ٢٠١٩/١٠/١٦) .

دادگای تایبەت بە کمبودیا : ئەو دادگایە پالپشتی دەکرا لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠٠٤ دامەزرا بە ئامانجی دادگای کردنی فەرمانرەوایانی کمبۆدیا , مەرکەزی دادگایەکە لە شاری ( بنوم بنە ) پایتەختی کمبۆدیا بوو , وە لە گرنگترین دادگایەکانی دادگای کردنی ( دویش ) بوو ( هاوری باخەوان : مقالة تحت عنوان : اللعنة على الشيوعية كمدخل الى كمبوديا : عددها ٣١٩ : ٢٠٠٧ )

## 4. دروستکردنی دادگایەکی نێودەولەتی بۆ دادگایکردنی ئەندامانی ڕێکخراوی ( داعش ) لەسەر ئاستی وولاتان جیهان

لە ماوە نێوان ساڵی ٢٠١٤ بۆ ساڵی ٢٠١٧ ڕێکخراوی دەولەتی ئیسلامی لە عێراق و شام کە ناسراوە بە ( داعش ) دەستی بەسەر زۆرێک لە ناوچەکانی عێراق و سوریا دا گرت ناوی خەلافەتی ئیسلامی لێنا , لەوماوەیەی دەسەلاتی دا چەندین تاوانی جۆراو جۆری ئەنجام دا کە دژی بنەماکانی یاسای نێودەولەتی و یاسای نێودەولەتی مرۆیی بوو هەول دەدەین لە خوارەوە باسی ڕێکخراوەکە و تاوانەکانی ئەنجامی داوە وە هەولەکان بۆ دروستکردنی دادگایەکی نێودەولەتی و لایەنی باشی دروستکردنی ئەم دادگایە دەخەینە روو .

1. دەولەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ( داعش ) و دیارترین تاوانەکانی ئەم ڕێکخراوە

هەول دەدەین لەم باسەدا باسی سەرتای سەرهەلدانی ئەم ڕێکخراوە بکەین و دیارترین تاوانەکانی کە ئەنجامی داوە ئاماژەیان پێ بکەین

لقی یەکەم : دەولەتی ئیسلامی لە عێراق و شام کە ناسراوە بە ( داعش )

ڕێکخراوێکی چەکداری خاوەن بیروباوەڕی گروپە سەلەفی و جیهادییەکانە و بەپێی بیرکردنەوەی ئەندامەکانی بێت پێیان وایە کە هەولی دروستکردنی خەلافەتی ئیسلامی و جێبەجێ کردنی شەریعەت دەدات , ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیە لە هەریەک لە عێراق و سوریا بلاوبوونەوە جگە لە چەند ناوچەیەکی دیکەش لە جیهاندا وەکو یەمەن و لیبیا و سۆمال جەند شوێنێکی تریش , سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە کەسێکە بە ناوی ( ابوبکر بغدادی ) دروست بوونی ئەم ڕێکخراوە درێژە پێدەری ڕێکخراوی قاعیدە بوو کە سەرۆکی ڕێکخراوی قاعیدە لە عێراق بە ناوی ( ابو موسعبی زرقاوی ) بوو لە ساڵی ٢٠٠٤ دامەزرا بوو , ئەم ڕێکخراوە بەشێوەیەکی بەرفراوان لە هەندێک پارێزگای عێراق وەکو نەینەوا سەلاح الدین و دیالە و ئەنبار و لەهەر یەک لە پارێزگای ڕەقەو ئیدلب و دێر زوور و حەلەب و حەسەکە لە سووریا بلاوبوونەوە , بەلام هەژمووونی ئەم ڕێکخراوە لەو ناوچانەی کە کۆنترۆلی کردبوو روو لەکەم بوونەوە چوو بە تایبەت دوای دروست بوونی هاوپەیمانییەتی نێودەولەتی دژی ئەم ڕێکخراوە کە چەندین ولاتی ئەوروپی و ئیسلامی لە خۆگرتبوو وە لە ئێستادا ئەم ڕێکخراوە تەواوی ئەندامەکانی دەست بەسەر کراون و تەنها چەند ناوچەیەکی دوورە دەستیان لەژێر کۆنترۆلدایە .

لقی دووەم : تاوانەکانی ڕێکخراوی داعش

دیارترین تاوانەکانی ئەم ڕێکخراوە کە ئەنجامی داوە کە دژی یاسا نێودەولەتی و یاسا مرۆییەکانە لە خوارەوە ئاماژەیان پێ دەدەین

١ – ستەمکردن لە کەمایەتیە ئاینیەکان :

ڕێکخراوی داعش ئەوەی سەپاند بەسەر دانیشتیوانی ئەو ناوچانەی کە کۆنترۆلی کرد کە دەبێت ئیسلامبوونیان ڕابگەیەنن یان دەبێت جزیە بدەن , وە زۆربەی دانیشتوانە نا موسلمانەکانی ناچار کرد لە ڕێگای ترساندن و هەرشەی گوشتن کە ئیسلامبووونی خۆیان ڕبگەیەنن , جگە لەسەرکوتکردنی کەمایەتیە ئاینی و ئایزاکان وەکو شیعە و ئێزیدی و مەسیحی و شەبەک و کاکەیی .

٢ – کۆمەلکوژی ڕێکخراوی داعش :

نێردەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ( یۆنامی ) و نوسینگەی مافی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان ( ٢٠٢ ) گۆری بە کۆمەلیان لە عێراق دەستنیشان کردووە لە هەریەک لە پاررێزگاکانی ئەنبار و نەینەوا و سەلاح الدین و کرکوک و دیالە وە پێدەچێت ژمارەکە زۆر لەوە زیاتر بێت و زەحمەتە ئامارێکی ورد

هەبێت بۆ ئەوەی قوربانیانی لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان بە هۆی جیاوازی لە ژمارەی قوربانیان لە هەر گۆڕێک ( http://uniraq.org/?option=com_k2&view=item&id=9891:200&Itemid=704&lang=ar : سمیر غطاس : مدیر مکتب الاعلامی / المتحدث الرسمی باسم بعثة الامم المتحددة : بەرواری سەردان ٢٠ / ١٠ / ٢٠١٩ ) .

٣ – مامەڵەی خراپ لەگەڵ هاوڵاتیانی سڤیل :

پاش کۆنترۆڵکردنی چەند شارێک لە عێراق و سوریا لەلایەن ڕێکخراوی داعشەوە چەندین ڕێنمایی بڵاوکردەوە سەبارەت بە پۆشینی جل و بەرگ و حیجاب و نوێژکردن و دەرچوونی ژنان لە ماڵەوە و قەدەغەکردنی جگەرەکیشان و مەی و موسیقا و گۆرانی وە هەروەها هیشتەوەی ریش بۆ پیاوان و چەندین سزای بەسەر هاوڵاتیان جێبەجێ کرد بە هۆی جێبەجێ نەکردنی فەرمانەکانی ئاینی ئیسلام ڕێنمایەکانی ڕێکخراوەکە وەکو سەربرین و دەست برین و جەڵدکردن و فرێدانە خوارەوە لە شوێنی بەرزەوە و سووتاندن ..... هتد ( تقریر المجلس الامن : ٢٠١٦ : ص ٤ )

٤ – بەکارهینانی منداڵان بۆ کاری سەربازی :

ڕێکخراوی داعش چەندین هەزاران منداڵی بەکارهێنا بە مەبەستی ئەنجامدانی کاری سەربازی و چەندین سەربازگەی کردبوەوە بە مەبەستی ڕهێنانی منداڵان لەسەر کاری سەربازی و ئەنجامدانی کاری تیرۆرستی ( Report on the Protection of Civilians in the Armed Conflict in Iraq: 11 December 2014 – 30 April 2015 pp32 ) ).

٥ – بەکۆیلە کردنی ژنان :

بە کۆیلە کردنی ژنان و بەکارهێنانیان وەکو کۆیلە وئەنجامدانی کڕین و فرۆشتن بە ژنان و کچانی یەزیدی و مەسیحی و شیعەوە بە پاساوی ئەوەی ئەوان کافرن یەکێک بوو لە سیاسەتەکانی داعش وە بەشێوەیەکی ئاشکرا بازاری تایبەت بۆ کرین و فرۆشتنی ژنان و کچان دروستکرابوو بە مەبەستی بازرگانی کردن بە کچ و ژنانەوە ( تقریر المجلس الامن : المرجع السابق : ص ٥ ) .

٦ – وێرانکردنی مزگەوت و کڵیسەو شوێنی ئاینی و پیرۆزەکان :

ڕێکخراوی داعش دەیان شوێنی وێران و خاپوور کرد کە شوێنی ئاینی و پیرۆزبوون وەکو مزگەوت و کڵیسەو و مەزارگەو و پەرستگا لەوانە مزگەوتی نووری لە موسڵ و مەزارگەی پێغەمبەر یونس هەر لە موسڵ کە تەمەنیان بۆ سەدان ساڵ دەگەرێتەوە وە هەروەها دەیان کلیسە و پەرستگای تریش .

٧ – وێرانکردن و تاڵانکردنی شوێنە مێژوویەکان :

ڕێکخراوی داعش چەندین شوێنی مێژووی وێران کرد لەوانە لە ڕۆژی ٢٦ / ٢ / ٢٠١٥ ریکخراوی داعش سەرجەم ئاسەوارە مێژووییەکانی مۆزەخانەی موسڵی شکاند و لەناوبرد وە هەریەک لەناوچەی نەمرود و حەزەر مێژووییان وێران کرد وە لە ڕۆژی ٥ تشرینی یەکەم ٢٠١٥ تاقی سەرکەوتنی مێژوویی لەشاری تەدمور و چەندین شوێنی مێژووی دیکەی لە سوریا تەقاندەوە کە لە لیستی کەلەپووری جیهانی دابوون .

ئەمەش ئاماژە پێکراوە لە بریاری نەتەوە یەکگرتووەکان بەناوی ڕزگارکردنی کەلەپووری عێراق ژمارە ٢٨١/٦٩ و بریاری ئەنجوومەنی ئاسایش ژمارە ( ٢١٩٩ ) لە ٢٠١٥ ( المرجع السابق نفسه : ص ٦ ) .

## 5. هەوڵەکانی بۆ دروستکردنی دادگایەکی تایبەت بە ڕێکخراوی داعش لەسەر ئاستی جیهانی

دروستکردنی دادگایەکی نێودەوڵەتی بەمەبەستی لێپرسینەوە لە ئەندامانی ڕێکخراوی داعش لە ئەنجامدانی ئەو تاوانانەی ئەنجامیانداوە بەهێزترین وەڵامە بۆ ئەو تاوانانەی ئەو ڕێکخراوە ئەنجامیداوە , وە دەتوانرێت لە ڕێگەی دادگایەکی نێودەوڵەتی و ژمارەیەک دادوەری پسپۆر و بوونی دیدگایەکی گشتگیری بۆ ڕووداوەکانی عێراق و سوریا چارەسەری چەندین کێشە بکات لەو ناوچەیە و ڕێگا بکرێت لە گەرانەوەی ڕێکخراوی داعش .

لەلایەن خۆیەوە هێزەکانی سوریا دیمکرات داوای لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد کە دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ دادگای کردنی هەزاران چەکداری داعش دابمەزرێنن کە دەستگیرکراون وە لەلایەن هێزەکانی سوریای دیمرکراتەوە سەرپەرشتیان دەکرێت لە زیندانەکانیان .

وە لەلایەن خۆیەوە بەرێوەبەری بەرنامەی لەناوبردنی تیرۆر لە ڕێکخراوی هیومن رایتس ووچ ( نەدیم خوری ) رایگەیاند , دادگای کردنی چەکدارانی داعش بەرپرسیارەتێکی هاوبەشە لەسەر هەمووان , بە هەمان شێوە لە پاریس ( جۆێل هۆبیشت ) بەرپرسی بەرنامەی نێودەوڵەتی دادپەروەری تاوان و دادپەروەری راگوێزەر ( العدالة الانتقالیة ) ئاماژوەی بەوە کردووە کە ئەو تاوانانەی داعش ئەنجامیداوە ئازاری بە هەموو مرۆڤایەتی گەیاندوە و داوای ئەوە دەکات هاوشێوەی دادگای نۆرمبیرگ سەرکردەکانی ئەو ڕێکخراوە دادگای بکرێن جونکە پێی وایە تاوانەکانیان نێودەوڵەتین لەجیاتی ئەوەی هەر دەوڵەتێک بە تەنیا دادگاییان بکات , ئەگەر لەلایەن دادگایەکی نێودەوڵەتیەوە ئەنجامبدرێت بەهێزتر و گشتگیرتر دەبێت ( https://www.eremnews.com/news/world/1744486 : بەرواری سەردان : ٢٠ / ١٠ / ٢٠١٩ ) .

هەورەها ( نیکۆل بیلۆبیە ) وەزیری دادی فەرنسا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە تاوتوویێی ئەو پرسەی لەگەڵ ژمارەیەک وولاتی ئەوروپی ئەنجامداوە کە دەبێت دادگایەکی نێودەوڵەتی لە عێراق دروستبکرێت بەمەبەستی دادگایی کردنی چەکدارە بیانیەکانی ڕێکخراوی داعش بە هاوبەشی لە نێوان دادوەری لۆکاڵی و نێودەوڵەتی ( https://www.aa.com.tr/ar/الدول-العربية/تحفظ-عراقي-على-مقترح-فرنسي-بإنشاء-محكمة-خاصة-بجرائم-داعش/1502034 : بەرواری سەردان ١٦ / ١٠ / ٢٠١٩ ) .

وە ( کریم خان ) سەرۆکی تیمی لیکۆڵینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە تاوانەکانی داعش هەمان بۆچوونی هەیە و داوای دروستکردنی دادگایەکی هاوشێوەی دادگای نۆرمبیرگ دەکات بەمەبەستی گوێگرتن لە قوربانیانی ڕێکخراوی داعش و لەناوبردنی بیروباوەرەکانی ئەم ڕێکخراوە , وە پێی وایە ئەو کارە دەبێت ئەنجامبدرێت , وە ئەم ڕێکخراوە باندیک یان گروپێکی یاخیبوو نەبوو بەڵکو

ڕووداوێکی نامۆ بوو وە دروستکردنی ئەو دادگایە بەمەبەستی لەناوبردنی ئەو بیروباوەڕەی کە بنەمای دروست بوونی ئەم ڕێکخراوە بوو (https://www.dw.com/ar/كبير-محققي-الأمم-المتحدة-يدعو-إلى-تشكيل-محكمة-دولية-لداعش/a-49784186 بەرواری سەردان : ١٨ / ١٠ / ٢٠١٩ ) .

## 6. کۆتایی

### 6.1 یەکەم : دەرئەنجام

لە کۆتایی ئەو توێژینەوەمان گەیشتینە چەند ئەنجامێک کە لە چەند خاڵێکدا پوختی دەکەین :

١ – بنەماو بناغەکانی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە کاتی ململانێیە چەکداریە نێودەوڵەتیەکان و ناوخۆییەکان لە ڕێگەی بەستنەوەی هۆکار و شێوازەکانی شەڕ بە شێوەیەک سنوور ڕێژ بکرێت .

٢ – لەگەڵ ئەوەی نەتەوەیەکگرتووەکان توانیویەتی سەرپێچی و پێشێلکاریەکانی مافەکانی مرۆڤ دیاری بکات لە ڕێگەی بەکار هێنانی شێوازی لێکۆڵینەوە لە بارەکانی مافی مرۆڤ بەلام نەیتوانیوە تا ئێستاشی لەگەڵدابێت ئالیەتێکی گونجاو بدۆزێتەوە بۆ ڕێگاگرتن لەم ڕەفتارانەی بە هۆی پێشێلکردنی بنەماکانی یاسای مرۆیی بەلام ڕۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکان دیارە لە دەرخستنی سروشتی ڕەفتاری دەوڵەتان بە شێوەیەک شەرمەزاریان بکات لەبەردەم رای جیهان .

٣ – نەتەوەیەکگرتووەکان هەرچەندە لە هەندێ بابەتی نێودەوڵەتی سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی ( ڕزگارکردنی کوێت ) بەلام لە زۆر حالەتی تردا دەستەوەستان مایەوە ( مەسەلەی فەلەستین ) و هیچ ڕۆڵێکی پێ نەگێردرا کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی پێوەری جیا جیا بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئیرادەی زلهێزەکان یان باشتر وایە بڵێین تاکە زلهێزی جیهانی ئێستا کە ئەویش وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە .

٤ – لەگەل سەرکەووتنی بیرۆکەی دامەزراندنی دادگاکانی نۆرمبێرگ و تۆکیۆ و یوگسلافیای پێشوو و ڕواندا لە بەدواداچوون بەدوای تاوانباران و دادگایی کردنیان بەلام چاوەڕوان دەکرێ ئالیەتی نەتەوەیەکگرتووەکان کاریگەرتر بێت بە تایبەت دوای دامەزراندنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی هەمیشەیی بۆ دادگایکردنی بەرپرسانی وولاتانی جیاواز کە تاوانبار دەکرێن بە ئەنجامدانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لە جنیۆسایدو ئەشکەنجەدان و تاوانی تر .

٥ – یاسایی نێودەوڵەتی مرۆیی هەوڵ بۆ ئەوە دەدات وولاتان ناچار بکات بەڵگەنامە و پەیمان و ڕێککەوتننامەکان مۆربکەن کە پەیوەستن بە مافەکانی مرۆڤ و لە وولاتانی خۆیان کاری پێبکەن , هەر لەو چوار چێوەیە نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیارێکی دەرکرد وولاتان ناچار دەکات ڕێککەوتننامەکانی ( جنێف ) ساڵی ١٩٤٩ و هەردوو پرۆتۆکۆلی ( جنێف ) ساڵی ١٩٧٧ جێبەجێ بکەن .

٦ – هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕێکخراوی داعش بوونی ناعەدالەتی و نا یەکسانی بووە لە سەرجەم سێکتەرەکانی سیستەمی حوکمرانی بە تایبەتی لە عێراق .

٧ – تاوانەکانی کە ڕێکخراوی داعش ئەنجامی داوە لەسەر مستوای نێودەوڵەتیش سەلمێندراوە کە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و یاسا نێودەوڵەتیەکان .

### 6.2 دووەم : ڕاسپارەکان

١ – دادگایی تاوانی نێودەوڵەتی هەمیشەیی کاراتر بکرێت لەرووی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی بۆئەوەی بەربکرێت لە ئەنجامدانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی تر جۆراو جۆر کە لە ئەنجامی ململانێیە چەکداریەکان ڕوودەدەن .

٢ – یاساکانی تایبەت بە ماڤی مرۆڤ بکرێتە یاسای ( إلزامی ) کە وولاتان ناچار بکرێت وەک یاسا ناوخۆیەکان جێبەجێ بکرێن تاوەکو ڕێگری بکات لە ڕوودانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی .

٣ – پێویستە لەسەر وولاتان بەتایبەت وولاتانی زلهێز وە بەتایبەت تر وولاتانی ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایشی هەمیشەی نەبنە بەربەست لە بەرەو پێش بردنی یاسای نیودەولەتی مرۆیی ئەویش بە بەکارنەهێنانی ( ڤیتو ) لە کاتی بڕیار دەرکردن .

٤ – ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دووبارە پێداچوونەوە بەسەرجەم بەشەکانی دا پێدابکرێت بۆ ئەوەی ئەم بەربەستانەی دێتە بەردەمی لە بەرەوپێش بردنی یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی لابدرێن .

٥ – هەرچی زووە کۆدەنگیەکی نێودەوڵەتی دروست بکرێت بۆ دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ دادگای کردنی تاوانبارانی داعش .

٦ – هەوڵدان لە ڕێگەی سەنتەرەکانی توێژینەوە سیمنارو لێکۆڵینەوەکردن لەسەر مستوای ناوەخۆ و جیهانی ئەنجامبدرێت بۆ بنەبرکردنی بیروباوەڕەکانی ڕێکخراوی داعش و سەرهەڵنەدتنەوەی ڕێکخراوی هاوشێوە . .

٧ – دەسەلاتی یاسادانان لە حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستانیش چەند یاسایەکی نیشانی دەربکەن دەربارەی تاوانەکانی لەناو بردنی بەکۆمەڵ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی کە ئەنجام دەدرێن وە سزادانی هەرکەس و لایەنێک لە داهاتوو بانگەشە بۆ ئەو بیروباوەری توندرەوی بکات .

٨ – لەکاتی دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی تایبەت بە تاوانەکانی داعش پێویستە دەستەبەری بەژداری پێکردنی تەواوی لێقەوماوانی دەست تاوانەکانی داعش بکرێت لە هەموو ڕێکاریە یاسایەکان وە دانانی بەرنامەیەک بۆ پاراستنی لێقەوماوەکان و شاهیدەکان .

## 7. سەرچاوەکان

### 7.1 یەکەم : کتێب


ميثاق الامم المتحدة .

السعدية بنهاشم الحروني , القانون الدولى الانسانى ( أصوله , أحكامه و تطبيقاته ) , منشورات جمعية نشر المعلومات القانونية و القضائية , سلسلة الدراسات و الابحاث , عدد الثالث , ديسمبر ٢٠٠٧ .

د . صلاح الدين عامر , مقدمة للتعريف بالقانون الدولى الانسانى , الجمعية المصرية للقانون الدولى , ١٩٨٢ .

د . صلاح الدين عامر , مقدمة لدراسة قانون النزاعات المسلحة , دار الفكر العربى , القاهرة , الطبعة الاولى , ١٩٧٦ .

د . عامر الزمالى , مدخل الى القانون الدولى الانسانى , منشورات المعهد العربى لحقوق

الانسان , الطبعة الاولى , ١٩٩٣ .

د عبدالغني محمود , القانون الدولي الانساني , دار النهضة العربية , القاهرة , ١٩٩١ .

د . علي صادق أبوهيف , القانون الدولي العام , الطبعة الثانية عشر , منشأة المعارف , الاسكندرية , ٢٠١٥ .

عبدالرزاق حميد , تطور القضاء الدولي الجنائي من المحاكم المؤقتة الى المحكمة الدولية الجنائية الدائمة , دار الكتب القانونية , القاهرة , ٢٠٠٨ .

د . عبدالسلام عرفة , المنظمات الدولية و الاقليمية , دار الجماهير للنشر , بنغازي , ١٩٩٣ .

د . علاءالدين حسين مكي خماس , استخدام القوة في القانون الدولي , المكتبة الوطنية , بغداد , ١٩٨٢ .

د . محمد عزيز شكري , تأريخ القانون الدولي الانساني و طبيعته , دار الفكر العربي , القاهرة , ١٩٨٢ .

د . محمد حافظ غانم , مبادىء القانون الدولي العام , مطبعة النهضة الجديدة , القاهرة , ١٩٦٧ .

مستاري عادل , المكحمة الجنائية الدولية الخاصة برواندا , مجلة الفكر , جامعة محمد خيضر بسكرة , كلية الحقوق و العلوم السياسية , عدد الثالث , ٢٠٠٨ .

اللجنة الدولية للصليب الاحمر , فهم القانون الانساني القواعد الاساسية لاتفاقيات جنيف و بروتوكوليا اضافيين , الطبعة الرابعة , ١٩٩٩ .

## 7.2دووەم : سەرچاوە ئەلکترۆنیەکان

١https://www.politics-dz.com /الاتفاقيات-والمعاهدات-الدولية-والإق/ - ( الموسوعة الجزائرية ) للدراسات السياسية والاستراتيجية .

٢ - https://www.ohchr.org/AR/ProfessionalInterest/Pages/Mercenaries.aspx ( الامم المتحدة للحقوق الانسان ) مكتب المفوض السامي . الاتفاقية الدولية لمناهضة تجنيد المرتزقة واستخدامهم وتمويلهم وتدريبهم )

٣https://ar.guide-humanitarian-law.org/content/article/5/lmhkm-ljnyy-ldwly-lywgwslfy-lsbq-wlmhkm-ljnyy-ldwly-lrwnd / -

( القاموس العملي للقانون الانساني , تأليف : فرانسواز بوشية – سولنييه , ترجمة محمد مسعود , مراجعة : د عامر الزمالي و مديحة مسعود , الناشر : دار العلم للملايين , ٢٠٠٦ ) .

٤ - https://www.un.org/securitycouncil/ar/content/resolutions سايت الرسمي ( للأمم المتحدة – مجلس الامن الدولي ) قراران ( ٧١٣ , ٧٢٤ ) سنة ١٩٩١ و قرارات ( ٧٢٧ , ٧٤٠ , ٧٥٢ , ٧٨٧ , ٧٨٠ , ٧٥٧ ) سنة ١٩٩٢ و قرار ( ٨٠٨ ) سنة ١٩٩٣ .

٥Security Council, Resolution 1757 (2007) Adopted by the Security Council at its 5685th meeting, on 30 May 2007 - قرار مجلس الامن بانشاء المكحمة خاصة في قضية اغتيال رفيق الحريري في ٣٠ / ٥ / ٢٠٠٧ .

٦ - http://uniraq.org/?option=com_k2&view=item&id=9891:200&Itemid=704&lang=ar سمير غطاس , مدير مكتب الاعلامي / المتحدث الرسمي باسم بعثة الامم المتحددة لمساعدة العراق ( اليونامي ) ت (٠٠٩٦٤٧٩٠١٩٣١٢٨١ ) ghatass@un,org ئيل

٧www.eremnews.com/news/world/1744486 -

٨https://www.aa.com.tr/ar-الدول-العربية/تحفظ-عراقي-على-مقترح-فرنسي-بإنشاء-محكمة-خاصة-بجرائم-داعش/1502034 - /

نازا محمد : مقالة منشورة على الصحفة الرسمية لوكالة الاناضول – بغداد )

٩https://www.dw.com/ar-كبير-محققي-الأمم-المتحدة-يدعو-إلى-تشكيل-محكمة-دولية-لداعش/a-49784186 - /

## 7.3سێیەم : راپۆرت و رێکەوتننامەکان

١ – اتفاقية منع جريمة الابادة الجماعية و المعاقبة عليها .

٢ - الاتفاقية عدم تقادم جرائم الحرب و الجرائم المرتكبة ضد الانسانية في ١٩٦٨/١١/٢٦

icrc.org/ar/doc/resources/documents/misc/62sgjl.htm ( اللجنة الدولية للصليب الاحمر ) ( ICRC ) .

٣ - تقرير المجلس الامن عن التهديد الذي يشكله تنظيم الدولة الاسلامية في العراق و الشام ( داعش ) علي السلام و الامن الدوليين 29 كانون الثاني 2016 .

٤ - Report on the Protection of Civilians in the Armed Conflict in Iraq: 11 December 2014 – 30 April 2015

٥ - البروتوكولان الاضافيان الى اتفاقيات جنيف , اللجنة الدولية للصليب الاحمر , جنيف , ١٩٧٧ .

چوارەم : گۆڤار

مقالة ((اللعنة على الشيوعية كمدخل الى كمبوديا)) - هاوري باخوان، صحيفة ميديا ، عددها ٣١٩، الصادرة في ١٧-١٢-٢٠٠٧، ، كردستان، اربيل.